Kurdistan Nêt

Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.01 20:06:57 +01'00'



# بۆچی لە پێناو(برایەتی) کردنمان لەگەڵ عەرەب، دۆستایەتی لەمێژینەی جوولەکان لە گۆڕبنێین..؟؟!!

شێرزاد عومەر/کوردستان- کەرکوک/s-h@madona.com

جیهانی ئەمڕۆ و سیستەمی گلۆبالیزم ئەوەیان سەلماند کە کەلتوری توند و تیژی و تیرۆر و داگیرکاری و خوێنڕشتن لەم جیهانە تازەیە جێگەیان نابێتەوە، مێژوو و کەلتوری عەرەبیش لێوان لێوە لە توند و تیژی و داگیرکاری و تیرۆر و خوێنڕشتن، بۆیە بە گوێرەی(تیۆری ڕێژەیی)(**کل شيء يعود الى الاصل**) عەرەبیش وەکو هەموو ماددەکانی ئەم گەردوونە دەبێت بگەڕێتەوە شوێنی ڕاستەقینەی ژیانی کە ئێستا دەستی سروشت لە(کۆمەڵگای بەداوە) هێناویێتیە(کۆمەڵگای شارستانی) و خۆی تێکەڵکردوە بەو جیهانە تازەیە و دەخوازێت بە هەمان عەقڵیەت و ئینتیماکانی لە(کۆمەڵگای بەداوە) کە هەیبووە لە کۆمەڵگای شارستانیدا بژیێ.! کە ئەمەش نەك هەر مەحاڵە بەڵکو تێکچوون و لەباربردنی هەموو یاساکانی سروشت و مرۆڤایەتیە و هەموو تیۆر و یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئێستا بە ئاشکرا هاوار دەکەن:( **يا عرب عودوا الى الصحراء**)..!!نەتەوەی عەرەبی ئیسلامیش بە درێژایی مێژوو چاویان بڕیوەتە داگیرکردنی خاك و سەروەت و سامان و ماڵ و موڵکی گەلانی غەیرە عەرەبی وەك(کورد و جولەکە و ئەمازیغی و..تد)، هیچ گەل و میللەتێکیش بەبێ زەبری شمشێرەکانی(پێپەتییەکانی بیابان) و بەهێزی تیرۆر و تۆقاندن و باج و سەرانە سەندن و تاڵانکردن و خوێنڕشتن نەبۆتە ئیسلام(**بڕوانە پەرتووکەکانی**-**تاريخ الطبري، فتوح بلدان، مروج الذهب**)، ئیسلامیش واتا بەعەرەبکردن، واتا داگیرکردن، واتا(تەسلیم)بوون، ئەگەر پشکی ئیسلام بەهەر خاکێك کەوتبێ ئەوا بێ سێ و دوو ئەو خاك و نیشتمانە ئێستا خەڵتانی کێشەکانی سەردەمی نوێ بۆتەوە لە سەراپای جیهان، ئیسلام کەلتوری دوو بەرەکی نانەوە دەچێنێت و کەلتوری ڕق و قینەنانەوە و تۆڵەسەندنەوە و خوێنڕشتنی پێ دەدروێنێتەوە..!! و ئەو نەتەوەی خۆی زۆر بە یەکگرتوو و تەبا زانیووە ئیسلام هاتووە پارچە پارچەی کردوون، بەهەر حاڵ دەمەوێت لە کرۆکی باسەکەم شەکرێك بشکێنم بۆ بەڕێز(صلاح الدين بەهائەدین هەورامی) خاوەنی نۆ ساڵ لە خەباتی فایلایەتی(...؟!) و مورشیدی عامی ئیخوانولموسلمینەکانی کوردستان کە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵێکی ئاسمانی عەرەبی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو گوتبووی: **ئێمەی کورد برای ڕاستەقینەی عەرەبین و بۆ ڕزگارکردنی قودسیش ئێمە وەکو برا هاوخەباتین..!!**

هەر لەسەرەتاوە دەمەوێت بە نوکتەیەکی سەردەمانی بەعس دەس بە باسەکەم بکەم کە ئەو کاتەی کەرکوك لەژێر دەسەلاتی بەعسی گۆڕ بەگۆڕبوو عەرەبە بەعسیەکان منداڵ و گەنجی کوردیان بە زۆرەملێ پەلکێش دەکرد بۆ(تدريب) بۆ(جیشی قودس) و ئەو منداڵە بەستەزمانانەش لە کاتی هەڕوڵەکانیان دەیانگووت: فەلەستین عارەبییە، ئێمە کوردین هەقمان بەسەرا نییە)، من نامەوێت باسی ئەنفال و

کیمیاباران و زیندەبەچاڵ و وێرانکردنی شار و گوند و دێهاتەکانی کوردستان و تەعریب و تەبعیس و تەهجیرت بۆ بکەم و ناشمەوێت باسی سەنگ و حورمەتی کوردانت بۆ بکەم لە جامیعەی عەرەب(برا)مان و لە مەجلیس و موئتەمەراتی ئیسلامی(برا) کانمان..! تەنها دەمەوێت یەك شتت پێ بێژم کە ئێمەی کورد بە هیچ چەند و چونێك نە برای عەرەبین و نە دەبینە برایان و نە براشیان بووینە، هیچ سۆزێك بەعەرەبمان نابەستێتەوە تا خۆمان بە هاوسۆز و برا بزانین لەگەڵیان، ئەگەریش پێت وابێ سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی بابەك و دەشتی شارەزوور و قەتل و عامکردنی کوردی جەلەولا و هەمادان لە سەردەمانی(فەتحی کوردستان لە سەردەمی خەلافەتی عومەر خەتاب) و دروستکردنی روباری خوێن بە سەربڕینی ژن و مناڵی کورد لە پێناو بە ئیسلام بوونمان بە عەرەبمان دەبەستێتەوە..؟!! یاخود ئەگەر پێت وابێ سۆز و خۆشەویستی و برایەتیمان لەگەڵ(برا) عەرەبەکانت لە ئەنفال و کیمیابارانمان سەرچاوەیان گرتووە..؟!! ئەوا لێرەوە حەز دەکەم پێت بڵێم کە جەنابتان(خەونی حوشتری)تان بینیووە و هەر جەنابتان بە تەنها دەتوانن برەو بەو برایەتیە نێوان خۆتان و ئەوان بدەن و هەر جەنابیشتان توانیبووتان ببن بە برا و ئەڵقەلەگوێی(راستەقینەی) نەك عەرەب بە تەنیا بەڵکو سەرکردە خوێنمژ و ئەنفالچییەکانیشی. ئیتر هەموو دونیای ئیسلام بە چاو و عەقڵێکی(کۆمەڵگای بەداوە) لە ئێمەی کورد دەڕوانن و بۆیە کورد وەکو نەتەوە و زمانی و کەلتوری و مێژووەکەشی رەتکراوەیە لەلای ئەوانەوە و هیچ برایەکی(کورد)یشت بەو خەونانەت ناڵێت(ئامین،!)، تۆ بۆت نییە بەناوی کوردەوە قسە بکەیت، چونکە تۆ تەنها نوێنەری خۆتی و ناتوانیت ببیت بە نوێنەری کورد چونکە هەر دوێنێکە بوو لەگەڵ داگیرکەرێکی ئەنفالچی عەرەبی ئیسلامی و خوێنمژی کورد لە داوەتی کورد فرۆشتن بوویت و ئەمڕۆش(الله یعلم،!) کورد خۆی بە برای دوژمنەکەی نەزانیوە و نازانێت و هەرگیزیش کورد ئەوەندە بێ دەسەڵات و بێ توانا نەبووە تا بە دوژمنەکانی بڵێت(برا).! ئێمەی کورد گەلێك خێر و خۆشیمان لە کارە نا بەجێیەکەی(صلاح الدینی ئەیوبی) لە داگیرکردنی(قودس) بینی تا(صلاح الدینی هەورامی) لە جیهانی تازە(قودس)مان بە خوێنی رۆڵەی کورد بۆ(فەتح) بکات..؟!! ئێمەی کورد تاوەکو ئێستاش باجی ئەو کارە نابەجێیەی(صلاح الدینی ئەیوبی) دەدەین لەو هەڵە گەورەیەی کردی دەرهەق بە(جوولەکەکان)، چونکە لەگەڵ برا جوولەکەکانمان مێژوویەکی هاوبەشمان هەبوو، سۆزێکی مێژوویی هەبوو تا بەیەکەوەمان ببەستێتەوە، کە ئەویش لە سەردەمانی حوکمڕانێتی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری و روخاندنی ئەو ئیمپراتۆریەتە لەلایەن کوردان و حەسانەوەی کورد و جولەکە بەتایبەتی و گەلانی ناوچەکە بەگشتی لەژێر چەتری ئیمپراتۆریەتی نوێی کوردان(میدیا)، بەڵام صلاح الدین)ێکی وەك جەنابتان هات بەناوی کوردەوە و لە بەرگی ئیسلامی عەرەبیەوە سەراپای ئەو مێژووەی ئاوەژوو کرد و هەتا ماوەیەك پێش ئێستاش بە سای ئەو تاوانە گەورەیەی(ئەیوبی) کورد لە لایەن وڵاتی ئیسرائیلی بڕیار بەدەستی چارەنووسساز گڵۆپی سوری بۆ هەڵکراوە، بەڵام بەمدواییە و لەدوای هەڕەشەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی کە پارچەیەك لە خاکی کوردستانیان داگیرکردووە لە ئیسرائیل و وێناکردنی کوردستان بە(ئیسرائیلی دووەم) و کوردیش بە(جوولەکە) و وەك چۆن لە هەموو لایەکەوە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی

کەوتنە گیانی وێرانکردنی ئیسرائیل و تیرۆر و تۆقاندن و خوێنڕشتن، بە هەمان شێوەش کەوتنە خۆ بۆ ئەنفال و کیمیابارانکردن و زیندەبەچاڵکردنی کورد و وێرانکردنی شار و گوند و دێ و دێهاتی کوردستان و بە عەرەبکردنیان، لە پێناو ئەوەی(کوردستان)،(ئیسرائیلی دووەم)ە و نابێت گەشە بکات و ببێتە زەنگی مەترسیدار لەسەر(بوابة الشرقية)، لەسەر ئەم بنەمایانە دووبارە(کورد و جوولەکە) بوونەوە هاوپەیمان غەم و ئازار و مەینەتییەکانی دەستی(پێپەتییەکانی بیابان) و دوژمنیان بووەوە بە یەك دووژمن وەك سەردەمی حوکمڕانێتی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری، ئەمجارەیان(ئیمپۆاتۆریەتی تیرۆر و ئەنفال)، بە روخان و نەمانی ئەم ئیمپراتۆریەتەی(دەوڵەتی بەداوەی عەرەبی لەعێراق) کە بە خەباتی نیو سەدەی رۆڵەکانی کورد و جولاّنەوە دبلۆماسیەکانی جوولەکە سەری پانکرایەوە و لە گۆڕنرا بۆ هەتایە، دیسانەوە رزگاری و جەژن و ئاهەنگ تەواوی گەلان و هەردوو میللەتی(کورد و جوولەکە) بەتایبەتی گرتەوە و ئێستاش هەردوو میللەت لە یەك سەنگەری بەرگریدان دژ بە(چەتەکانی بیابان) و بەربەرییەکانی(کۆمەڵگای بەداوە)..!! ئیتر کاری تۆ نییە بێیت لێمان ببیتەوە بە(صلاح الدین)ێکی تری عەقڵ عەرەبی کوردی زمان..!!ئێمەی کورد ئەو کەلتور و شارستانیەتە نزم و خۆناویەمان نییە تا بێین خۆمان بکەین بە برای نەتەوەیەکی خاوەن وەها شارستانی و کەلتورێك..؟! عەقڵی کورد عەقڵیەتی(کۆمەڵگای بەداوە) نییە تا بە دەست ماچکردن و بە زۆرەملێ خۆمان بە سەر عەرەبەکاندا ساغ بکەینەوە و لێیان بپاڕێینەوە و پێیان بڵێین: توخوا وەرن بن بە برامان و ئیلا و بیلا ئێوە برای راستەقینەی ئێمەن..!!ئێمە عەرەبەکانمان ئەنفال نەکردووە و ژن و کچانی عەرەبمان نەفرۆشتۆتە هیچ ولاّتێك تا ئێمە بچین داوایان لێبکەین ئەوان برای راستەقینەمانن..!! ئێمە خاکی عەرەبەکانمان داگیرنەکردووە و شار و گوند و دێهاتی عەرەبمان وێران نەکردووە تاوەکو بچین کرنرشیان بۆ بەرین و پۆزشیان بۆ بێنینەوە و تکایان لێ بکەین کە بن بە برامان..!! ئادلۆف هیتلەر لە 16-4/1940 جینۆسایدی هۆلۆکۆستی بۆ جوولەکەکانی ئەڵمان دروست کرد و(برا) عەرەبە ئیسلامییەکانیش لە16-4/1988 جینۆسایدی رەشی(الانفال)یان بۆ ئێمەی کورد دروست کرد.. دەوەرە پێم بڵێ جیاوازی چییە لە نێوان عەقڵیەتی عەرەبی ئیسلامی و هیتلەری نازیست..؟!(الانفال) لە سەردەمی بڵاوبوونەوی ئیسلام موحەمەد لە سەر جوولەکەکانی نووسیەوە و لە سەردەمی سەدامیش بۆ کورد نووسرایەوە و کاری پێکرا، کە نەك هەر مێژووی عەرەبی رەشتر کرد بەڵکو بووە پەڵێکی رەش و پیس بەسەر کتێب و مێژووەکەی ئیسلامیش..!! بۆیە ئەگەر هەر کوردێك جا چ خۆی بە سەرکردە یاخود بە رۆشنفکرێکی کوردی(راستەقینە) بزانێت بە پراکتیکی و نایەوێت هەڵە مێژووییەکان دووبارە ببنەوە و دەخوازن خواستی نەتەوەکەمان(دەوڵەتی کوردی) بکەنە ئامانج بۆ کار و خەبات و جولاّنەوەی سیاسی و رۆشنبیری خۆیان، ئەوا پێش هەموو شتێك پێویستە بە یەکدەنگی رەفزی ژیان لەگەڵ عەرەب بکات و پەیوەندی لەگەڵ گەل و ولاّتی خاوەن بڕیاری سیاسی و چارەنووسسازی وەك(ئەمەریکا و ئیسرائیل و بەریتانیا) توند و تۆڵتر بکات و مێژووی راستەقینەی ئیسلامیش لە رابردووی کورد رابگەیەنێت و ئاشکرایان بکات، بەمەش دەتوانین هەڵەکان و تاوانە گەورەکانی(صلاح الدین)ەکان دووبارە نەکەینەوە و بگەین بەو ئامانجانەی کە 2703 ساڵە وەکو کورد خەونی پێوە دەبینین.